مەسعود بارزانی پەیامێک سەبارەت بە دۆخی سووریا بڵاودەکاتەوە

مەسعود بارزانی پەیامێک سەبارەت بە دۆخی سووریا بڵاودەکاتەوە.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ شەممە لەسەر پەشهەتەکانی دۆخی سووریا پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، بە بایەخێکی زۆرەوە بەدواداچوون بە هووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە دەکەین کە لە سووریا هوو دەدەن، چونکە ئەو پەشهات و هووداوانە کاریگەریی هاستوخێی لەسەر چارەنووسی سیاسی و ئاسایش و سەقامگیریی سووریا و تەکەای ناوچەکەمان هەیە.

مەسعود بارزانی: هیوادارین پەشهات و گۆڕانکارییەکانی سووریا لە ئەنجامدا ببنە هۆی ئەوەی گفتوگۆ و لەکتەگەیشتن ببەتە بنەمای چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕەفتارێکی وا ئەنجام نەدرێت کە ناکۆکی و گرفتی نەتەوەیی و تایفی لەنێو پێکهاتەکانی سووریا قووە بکاتەوە.

سەرۆکی پارتی لە کۆتایی پەیامەکەی هایگەیاندووە، ئومێدی ئەوە دەخوازین لایەنەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە بگەنە ڕێککەوتنێک کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم پێکهاتەکانی سووریا و پێکەوەژیان و ئاشتی و سەقامگیرییدا بێت.